بەش:  سیستەمە سیاسییەکان وسیاسەتی گشتی

کۆلێژ : زانستە سیاسییەکان

زانکۆ : سەلاحەدین – هەولێر

بابەت : حکومەتە خۆجێیەکان لە نێوان مەرکەزیەت ولامەرکەزیەتدا

خوێندنی باڵا – ماستەر / سمستەری دووەم

ناوی مامۆستا : پ.ی.د. موفق عادل عمر

ساڵی خوێندن

( 2024-2023 )

**پەرتووکی کۆرس**
**Course Book**

| | |
|---|---|
| **1. ناوی کۆرس** | **بابەتی حکومەتە خۆجێیەکان لە نێوان مەرکەزیەت و لامەرکەزیەتدا/ سمستەری دووەم** |
| **2. ناوی مامۆستاي بەرپرس** | **پ.ی.د.موفق عادل عمر** |
| **3. بەش/ کۆلێژ** | بەشی سیستەمە سیاسییەکان وسیاسەتی گشتی/ کۆلێژی زانستە سیاسییەکان |
| **4. پەیوەندی** | **ئیمێل:** muwafaq.omar@su.edu.krd |
| **5. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک** | **( 3 ) سێ کاتژمێر تیۆری بە شێوەی ڕووبەڕوو + 7 کاتژمێر ئەرکی قوتابی = 6 (ECTS)** |
| **6. ژمارەی کارکردن** | **( 3 ) سێ کاتژمێر تیۆری بە شێوەی ڕووبەڕوو + 7 کاتژمێر ئەرکی قوتابی = 6 (ECTS)** |
| **7. کۆدی کۆرس** | PSPS1306 |
| **8. پرۆفایەلی مامۆستا** | **پ.ی.د.موفق عادل عمر**<br><br>بەکالۆریۆس لە سیاسەت وپەیوەندییە نێودەولەتییەکان لە زانکۆی غازی لە وولاتی تورکیا. هەروەها ماستەر و دکتۆرای لە سیاسەت وپەیوەندییە نێودەولەتییەکان لە زانکۆی غازی لە ئەنقەرە بە دەست هێناوە، مامۆستا لە بەشی زاستە سیاسییەکان لە کۆلێژی زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سەلاحەدین، پێشتر کاری کردووە وەك وانەبێژ لە چەندین زانکۆ. بەشداری چەندین کۆرو سیمینارو کونفراس کردووە وەك پێشکەشکەرو ئامەدەبوو لەناوەوە و دەرەوەی وولات. چەندین بابەتی جیاوازی لە سەنتەرەکانی لێکۆلینەوە دەرەکیەکان بلاوکراوتەوە. |
| **9. وشە سەرەکیەکان** | حکومەتە خۆجێیەکان، مەرکەزیەت، لا مەرکەزیەت، ئیدارەی خۆجێی |
| **10. ناوەڕۆکی گشتی کۆرس:**<br>ئەم بابەتە چەمك، بوار،تایبەتمەنمدی، ئامراز وکێشەکانی حکومەتە خۆجێیەکان لە خۆ دەگرێت، هەروەها ئاماژە بە کاریگەرییەکانی مەرکەزیەت و لامەرکەزیەت دەکات لەسەر حکومەتە خۆجێیەکان وژیانی سیاسی ناوخۆ بە گشتی.<br><br>ئەم وانەیە بە گشتی لە هەشت بەشی سەرەکی پێکدێت، لە بەشی یەکەمدا، ئاماژە بە **چوارچێوەی تیۆری و بنەما تیۆرییەکانی ئیدارەی خۆجێی دەکرێت ئەمەیش بە خستنەڕووی** چوارچێوەی تیۆری | |

و بنەما تیۆرییەکانی ئیدارەی خۆجێی، پەرەسەندن و پێشکەوتنی ئیدارەی خۆجێی، هۆکارەکانی دروست بوون سەرهەڵدانی ئیدارە خۆجێیەکان.

لە بەشی دووەمدا بە ووردی باسی **جۆرەکانی ئیدارە (بەڕێوەبردن) کە تیایدا جۆرەکانی ئیدارە بەم شێوەیەیە شی دەکریتەوە:** ئیدارکردن بە ئامانجەکان، ئیدارەکردن بە پێی ئامانجەکان، ئیدارکردن بە پێی تقویض، ئیدارەکردن بە پێی بەشداری. هەروەها لە بەشی **سێیەمەدا مەرکەزیەت و لا مەرکەزیەت لە بەرێوەبردنی خۆجێیدا** باس دەکرێت لە رێگەی ئاماژەدان بەم بابەتانە: مەرکەزیەت و لامەرکەزیەت؟

1) چەمکی لامەرکەزی بیرۆکراتی، سود و کێشە و گرفتەکانی لامەرکەزیەت 2) -چەمکی مەرکەزیەت، سود وکێشە وگرفتەکانی مەرکەزیەت.

**بەشەکانی دیکەش بەم شێوازەی خوارەوە دەبێت:**

**چوارەم / دابەشکاری ئیداری حکومەتە خۆجێیەکان:** دابەشکاری ئیداری پارێزگایەکان و یەکە ئیدارییەکان

**پێنجەم / شێواز وچۆنیەتی رێکخستنەوەی حکومەتە خۆجێیەکانیش** ئەمانە لە خۆ دەگرێت: چۆنیەتی رێکخستنی حکومەتە خۆجێیەکان، فەرمابنەری ئیدارەی خۆجێی، فەرمانبەرانی یەکە ئیدارییە خۆجێیەکان لە عێراق

**شەشەم / ئەنجومە خۆجێیەکان لە عێراق پێکدێت لە** ئەنجومەنی پارێزگاکان، ئەنجومەنی قەزاکان و پسپۆرییەکەیانی، ئەنجومەنی ناحیەکان و پسپۆرییەکانی

**حەوتەم / هەڵسەنگاندنی ئەدای ئەنجومەنە خۆجێیەکان** ئەمانە لە خۆدەگرێت: هەڵسەنگاندنی ئەدای گشتی، هەڵسەنگاندنی ئەدای دامەزراوەیی، هەڵسەنگاندنی ئەدای تاکی

**هەشتەم / چەند نمونەیەك لە حکومەتە خۆجێیەکانی جیهان،** لەم بەشەدا هەوڵدەدرێت چەند نمونەیەك لە حکومەتە خۆجێیەکان بخرێتەڕوو.

لەم بابەتە جگە لەمانەی سەرەوە لە کاتی خستنەڕووی بابەتەکە بابەتەکە لەگەڵ قوتابیان تاوتوێی دەکرێت.

**11. ئامانجەکانی کۆرس**

**ئامانجە گشتیەکان:**

1-ئاشنا کردنی قوتابی بە بنەما وبنچینەکانی حکومەتە خۆجێیەکان بە شێوەیەکی وورد.

2-خستنەرووی مانا وکاریگەریی چەمکەکانی مەرکەزیەت ولامەرکەزیت.

3- ئاشنابوون بە گرنگی بابەتی حکومەتی خۆجێی.

**ئامانجە تایبەتیەکان:**

1- فێربوونی ئەرکە سەرکیەکانی حکومەتە خۆجێیەکان .
2- ئاشنا بوون بە ماف وئەرکەکانی هاوڵاتیان بەرامبەر بە حکومەتە خۆجێیەکان.
3- فێربوونی چۆنیەتی پێکهێنانی حکومەتێکی خۆجێی سەرکەوتوو.

**12. ئەرکەکانی قوتابی**

ئەرکی قوتابی لەم کۆرسە بریتی یە لە ئامەدەبوون لە هۆڵەکانی خوێندا چونکە ئەم بابەتە بەبێ روونکردنەوەی مامۆستای وانە و تاتوێ کردنی ناوەرۆکی بابەتەکە لەگەڵ قوتابیان، لە هوڵی وانەووتنەوە تێگەیشتنی ئەستەمە، هەروەها پێویستە قوتابی رۆژانە پێش وانە، بابەتە دیاریکراوەکان بخوێنیت تاکو بتوانێت بابەتەکە تێبگات وپێش ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان کونترۆلی بکات. جگە لەمە دەبێت هەر قوتابیەك ناونیشانێك ئامادە بکات بە پێی مەرجە ئەکادیمیەکان وپێشکەش کردنی سمینارەکە، هەروەها پێویستە هەر قوتابیەك ناونیشانێکی دیکە دیاری بکات بۆ بابەتی ریڤیو ئارتیکەل.

**13. رێگەی وانە ووتنەوە**

مامۆستا، بابەتەکە لە رێگەی موحازەرە و گفتوگۆ و رێگەی (العصف الذهنی) ، شێوازی ۆرك شۆپ، بەگرووپ کردنی قوتابیان، پێشکەش دەکات. هەروەها سوود لە بەکارهێنانی داتاشۆ دەبینرێت بە مەبەستی نمایشکردنی کورتەی وانەکان. واتا وانەکان لە رێگای پێشکەشکردنی (سلایتی) پاوەرپوینت دەبێت کە بابەتەکە وەك پوختەیەکی تێرو تەسەل ئامادە کراوە ولەکاتی نمایشکردنی سلایتەکان لە رێگەی داتاشۆ مامۆستا هەڵدەستێت بە بەکارهێنانی تەختەی سپی بۆ پێدانی روونکردنەوەی زیاتر بۆ ئەو بابەتانە کە پێویستە روونبکرێت، بە مەبەستی تێگەیشتنی بابەتەکە بە بێ کەم وکوری، قوتابیان دەتوانن سوود وەربگرن لە نمایشی سلایتەکان کە لە رێگەی داتاشۆ و روونکردنەکان پێشکەشیان دەکرێت.

**14. سیستەمی هەڵسەنگاندن**

بە درێژایی ئەم کۆرسەی خوێندن، تاقیکردنەوەیەکی وەرزیی ئەنجام دەدرێت لەسەر20 % نمرە، هەروەها 5 % نمرەیش لە رێگەی کویزی رۆژانە وچالاکی بەردەوامی قوتابی هەژمار دەکرێت، جگە لەمە ئارتیکلی پێداچوونەوە (15%) و پێشکەشکردنی سمینار (10%)ی نمرەکانی لەسەرە بەم جۆرە تێکرای نمرەی کۆشش دەبێتە 50 نمرە. لە کوتایی کۆرسی خوێندن تاقیکردنەوی کۆتایی بابەتەکە ئەنجام دەدرێت کە 50% نمرەی لەسەرە.

**16. لیستی سەرچاوە**

- سەرچاوە بنەڕەتیەکان

1. ا.م.د.فرح ضیاء حسین مبارك، الحكومات المحلیة، جامعة بغداد، كلیة العلوم السیاسیة، 2013.

2. أ.د. سمير محمد عبدالوهاب، اللامركزية والحكم المحلي بين النظرية والتطبيق، كلية الاقتصاد والعلوم السياسية، مركز دراسات واستشارات الإدارة العامة، جامعة القاهرة، 2009.

3. هۆگر ابراهيم حکيم، سروشتی ديموکراتی لامەرکەزيەتی کارگێری، چاپخانەی ڕۆژهەڵات-هەولێر، 2017.

| **17. بابەتەکان** | | **ناوی مامۆستای وانەبێژ** |
|---|---|---|
| | | پ.ی.د.موفق عادل عمر |
| **یەکەم / چوارچێوەی تیۆری و بنەما تیۆرییەکانی ئیدارەی خۆجێی**<br>- چوارچێوەی تیۆری و بنەما تیۆرییەکانی ئیدارەی خۆجێی<br>-پەرەسەندن و پێشکەوتنی ئیدارەی خۆجێی<br>- هۆکارەکانی دروست بوون سەرهەڵدانی ئیدارە خۆجێیەکان | | هەفتەی یەکەم |
| **دووەم / جۆرەکانی ئیدارە (بەڕێوەبردن)**<br>-ئیدارکردن بە ئامانجەکان<br>-ئیدارەکردن بە پێی ئامانجەکان<br>-ئیدارکردن بە پێی تقويض<br>- ئیدارەکردن بە پێی بەشداری | | هەفتەی دووەم |
| **دووەم / جۆرەکانی ئیدارە (بەڕێوەبردن)**<br>-ئیدارکردن بە پێی تقويض<br>- ئیدارەکردن بە پێی بەشداری | | هەفتەی سێ یەم |
| **سێیەم / مەرکەزیەت و لا مەرکەزیەت لە بەرێوەبردنی خۆجێیدا**<br>-مەرکەزیەت و لامەرکەزیەت؟<br>1) چەمکی لامەرکەزی بیرۆکراتی<br>- سود و کێشە و گرفتەکانی لامەرکەزیەت<br>2) -چەمکی مەرکەزیەت<br>-سود وکێشە وگرفتەکانی مەرکەزیەت. | | هەفتەی چوارەم |
| **چوارەم / دابەشکاری ئیداری حکومەتە خۆجێیەکان**<br>-دابەشکاری ئیداری پارێزگایەکان<br>-یەکە ئیدارییەکان | | هەفتەی پێنجەم |
| **پێنجەم / شێواز وچۆنیەتی رێکخستنەوەی حکومەتە خۆجێیەکان**<br>-چۆنیەتی رێکخستنی حکومەتە خۆجێیەکان<br>-فەرمابنەری ئیدارەی خۆجێی<br>-فەرمانبەرانی یەکە ئیدارییە خۆجێیەکان لە عێراق | | هەفتەی شەشەم |
| **شەشەم / ئەنجومە خۆجێیەکان لە عێراق**<br>-ئەنجومەنی پارێزگاکان<br>-ئەنجومەنی قەزاکان و پسپۆرییەکەیانی<br>-ئەنجومەنی ناحیەکان و پسپۆرییەکانی | | هەفتەی حەفتەم |
| **حەوتەم / هەڵسەنگاندنی ئەدای ئەنجومەنە خۆجێیەکان**<br>-هەڵسەنگاندنی ئەدای گشتی<br>-هەڵسەنگاندنی ئەدای دامەزراوەیی | | هەفتەی هەشتەم |

| | | |
|---|---|---|
| -هەڵسەنگاندنی ئەدای تاکی | | |
| **حەوتەم / هەڵسەنگاندنی ئەدای ئەنجومەنە خۆجێیەکان**<br>-هەڵسەنگاندنی ئەدای دامەزراوەیی<br>-هەڵسەنگاندنی ئەدای تاکی | | هەفتەی نۆیەم |
| **هەشتەم / چەند نمونەیەك لە حکومەتە خۆجێیەکانی جیهان**<br>**-عێراق**<br>-ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا | | هەفتەی دەیەم |
| **هەشتەم / چەند نمونەیەك لە حکومەتە خۆجێیەکانی جیهان**<br>-هیندستان | | هەفتەی یانزەم |
| **هەشتەم / چەند نمونەیەك لە حکومەتە خۆجێیەکانی جیهان**<br>-ژاپۆن | | هەفتەی دوانزدەم |
| **هەشتەم / چەند نمونەیەك لە حکومەتە خۆجێیەکانی جیهان**<br>-کۆریای باشور<br>-رۆمانیا | | هەفتەی سێنزدەم |
| **هەشتەم / چەند نمونەیەك لە حکومەتە خۆجێیەکانی جیهان**<br>-بەریتانیا | | هەفتەی چواردەم |
| تاقیکردنەوەی کۆتایی سمستەر | | هەفتەی پازدەهەم |
| | | |

| | |
|---|---|
| 18. بابەتی پراکتك (ئەگەر هەبیت) | |
| بابەتە پراکتیکیەکانی کۆرسەکەمان خۆی لە گفتوگۆ و سیمیناری قوتابی دەبینێتەوە | |

**19. تاقیکردنەوەکان**

نمونەی پرسیارەکان:

**أ/** هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئیدارەی خۆجێی چین؟ روونی بکەرەوە.

**ب/** چەند جۆری ئیدارە هەیە؟ بیانووسە وپاشان تاوتوێی ئەوە بکە ئایا دەکرێ سەرجەم جۆرەکانی ئیدارە لە هەمان کاتدا پەیرەو بکرێت؟

**ج/** لە چوارچیوەی ئەو زانیاریانەی کە لەم بابەتەدا فێربووی، دەتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کە لە هەرێمی کوردستان حکومەتە خۆجێیەکان سەرکەوتووانە ئەرکەکانی خۆیان هەڵساون؟ ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان حکومەتێکی مەرکزیە یاخود لامەرکەزی؟

20. پێداچوونەوەی هاوەڵ

ئەم پەرتووکی کۆرسە ( ) شیاوە وبەوردی وزانستی پرکراوەتەوە.

هاوەڵ